**پەیمانگەی دادوەری**

**ژمارە : ٤٦ لە ٢٠١٥/١٠/١٩**

**پاڵپشت بە بڕگەی نۆیەم لە ماددەی پێنج لە یاسای پەیمانگەی دادوەری هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (٧) ساڵی ٢٠٠٩ ئەم ڕێنماییەمان دەركرد:**

## ڕێنمایی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٥

## ڕێنمایی بەرزەفتكردنی قوتابی پەیمانگەی دادوەری هەرێمی كوردستان – عێراق

**ماددەی ( ١ ):**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە ئەم مانایانە دەگەیەنن كە لە بەرامبەریان دیاری كراوە.

**یەكەم:** پەیمانگە : پەیمانگەی دادوەری هەرێمی كوردستان – عێراق

**دووەم :** ئەنجومەن : ئەنجومەنی پەیمانگەی دادوەری هەرێمی كوردستان – عێراق

**سێیەم :** بەڕێوەبەر : بەڕێوەبەری گشتی پەیمانگەی دادوەری هەرێمی كوردستان – عێراق

**چوارەم :** قوتابی : قوتابی پەیمانگەی دادوەری هەرێمی كوردستان – عێراق

**ماددەی ( ٢ ):**

حوكمەكانی ئەم ڕێنماییە لەسەر قوتابییانی پەیمانگەی دادوەری هەرێمی كوردستان – عێراق پەیرەو دەكرێت .

**ماددەی ( ٣ ):**

پێویستە لەسەر قوتابی پابەندی ئەم ئەركانەی خوارەوە بێت :

**یەكەم:** پابەند بێت بە یاسا و ڕێسا و ڕێنماییە بەركارەكان، هەروەها ئەو فەرمانانەی لە پەیمانگەدا دەردەچن.

**دووەم:** هەڵسوكەوتی نەشیاو نەكات كە ناوی پەیمانگە لە كەدار بكات .

**سێ یەم:** دووركەوتنەوە لە هەموو ئەو شتانەی كە لەگەڵ پەیڕەوی پەیمانگە ناگونجێن و پابەندبێت بە بەرزەفتكردنێكی بەرز و ڕێز لە كارگێری و دەستەی وانە گوتنەوە و فەرمانبەران و پەیوەندی دۆستانەی نێوان قوتابییان و هاوكاری یەكتر بكرێت .

**چوارەم:** سیستەم و دڵنیایی و سەقامگیری لە پەیمانگە بپارێزێت .

**پێنجەم:** پارێزگاری لە پێداویستیەكانی خوێندن وكەل وپەلی پەیمانگە بكات .

**شەشەم:** تێكنەدانی باش بەڕێوەچوونی ڕێڕەوی خوێندن .

**ماددەی ( ٤ ):**

سزای (ئاگاداركردنەوە)ی ئەو قوتابییە دەدرێت كە كاریگەری خراپی هەبێت لەسەر پەیوەندی دۆستایەتی لە نێوان قوتابییان .

**ماددەی ( ٥ ):**

قوتابی سزای هۆشداری دەدرێت لەم بارانەدا :-

**یەکەم:** ئەگەر سزای ئاگادارکردنەوەی ئاڕاستە کرابێت و هەڵنەوەشابێتەوە و پوچەڵ نەکرابێتەوە پاشان ڕەفتارێکی دیکە ئەنجام بدات ، کە پێویست بکات جارێکی دیکە سزای ئاگادارکردنەوەی ئاراستە بکرێت .

**دووەم:** ئەگەر سیستەم و دڵنیایی و ئارامیی بشێوێنێت .

**سێیەم:** ئەگەر قسەی ناشرین بە قوتابی یەك بلێت .

**چوارەم:** ڕێگریکردن وئامادەنەبوون بەبێ پاساوێکی گونجاو لە وانەکان یان ئەو چالاكیانەی کە خوێندنی پەیمانگە پێویستی دەکات .

**پێنجەم:** سەرپێچیکردنی سیستەم و بەرزەفتکردنی وانە گوتنەوە یان ئەو چالاكیانەی کە پێداویستی خوێندنە لە پەیمانگە .

**ماددەی ( ٦ ):**

سزای سەرزەنشتکردن ئاراستەی قوتابی دەکرێت لەم بارانەدا :-

**یەکەم:** ئەگەر سزای هۆشداری ئاراستە کرابێت و هەڵنەوەشابێتەوە و پوچەل نەکرابێتەوە، پاشان ڕەفتارێکی وا ئەنجام بدات کە پێویست بکات سزای هۆشداری ئاراستە بکرێت .

**دووەم:** ئەگەر قسەی ناشرینی بە کارمەندی پەیمانگە بلێت، جگە لە ئەندامانی دەستەی وانە گوتنەوە و قوتابییان.

**سێیەم:** ئەگەر بەهۆی کەمتەرخەمی و هەڵەی نا ئەنقەست زیان بە کەل و پەلی پەیمانگە بدات .

**چوارەم:** ئەگەر سەرپێچی سیستەمی تاقیکردنەوە و ئەو هێمنییە بکات کە بۆ تاقیکردنەوە پێویستە .

**پێنجەم:** دامەزراندنی هەر ڕێکخراوێك لەناو پەیمانگە ، یان تیایدا بەشدار بێت یان هەر چالاکیەکی دیکەی بە کۆمەڵ کە سیستەمی پەیمانگە تێکبدات .

**شەشەم:** بەکارهێنانی باڵەخانە و دەزگاکانی پەیمانگە بۆ مەبەستی جیا لە ئەو مەبەستانی کە بۆی ئامادەکراوە.

**حەوتەم:** دەرکردن یان بڵاوکردنەوەی هەواڵنامە یان بەیاننامەکان و یان کۆکردنەوەی واژوو یان کۆکردنەوەی کۆمەك بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی نووسراو لە ئەنجومەن .

**هەشتەم:** هەڵگرتنی چەك لەناو حەرەمی پەیمانگە هەر چەند مۆڵەتیشی هەبێت .

**نۆیەم:** ئەگەر ڕەفتارێکی وا بکات ناوی پەیمانگە بشێوێنێت .

**دەیەم:** ئەگەر سەرپێچی ڕێك و پێکی بەرێوەچوونی خوێندن بکات.

**ماددەی ( ٧ ):**

قوتابی سزای دەرکردنی کۆتایی بۆ دەردەچێت لەم بارانەدا :-

**یەکەم:** ئەگەر لە ساڵاکانی خوێندن دوو سزای سەرزەنشتکردنی ئاراستە کرابێت و هەڵنەوەشابێتەوە و پوچەڵ نەکرابێتەوە ، ئینجا ڕەفتارێك بکات کە پێویست بکات سزای سەرزەنشتکردنی ئاڕاستە بکرێت .

**دووەم:** ئەگەر بە کردار دەستدرێژی کردە سەر کارمەندی پەیمانگە جگە لە ئەندامانی دەستەی وانە ووتنەوە .

**سێیەم:** ئەگەر بە کردار دەست درێژی کردە سەر یەکێك لە ئەندامانی دەستەی وانە ووتنەوە .

**چوارەم:** ئەگەر بە ئەنقەست زیان بە کەل و پەلی پەیمانگە بکاربهێنێت .

**پێنجەم:** ئەگەر قسەی ناشیرن بە یەکێك لە ئەندامانی دەستەی وانە ووتنەوە بڵێت .

**شەشەم:** ئەگەر توندوتیژی دژی هاوڕێ قوتابیەکانی بگەێنیت .

**حەفتەم:** ئەگەر سەلمێنرا کە ماددەی سەرخۆشکەر وماددەی بێ هۆشکەری لەناو حەرەمی پەیمانگە بەکارهێنا، یان سەلمێنرا کە سەرخۆشە یان لە ژێر کاریگەری ماددەی بێ هۆشکەردایە لە ناو پەیمانگەدا.

**هەشتەم:** ئەگەر رەفتارێکی ناشرینی دژی رەوشت وئادابی گشتی لە ناو پەیمانگە یان لە دەرەوەی ئەنجام دا لەو بۆنانەی کە پەیمانگە بەشداری تێدا دەکات ، یان کارو چالاکی تێدا ئەنجام دەدات.

**نۆیەم:** بە جینایەتێك یان بە کەتنێکی لە کەدارکردنی بە شەرەف حوکمی بەسەر دادرا.

**دەیەم:** ئەگەر یەکێك لەو کردارانەی لە ماددەی شەشەمدا هاتووە دووبارە کردەوە .

**یازدەم:** قۆپیاکردن یان هەوڵدان بۆ قۆپیاکردن لە یەکێك لەو وانانەی تاقی کردنەوەی تێدا ئەنجام دەدا.

**دوازدەم:** ئەگەر سەلمێنرا کە بە پاڵپشت بە بەڵگەی سەختە و پوچەڵ لە پەیمانگە دا وەرگیرا.

**سێزدەم:** ساختەکردنی بەڵگەو بڕوانامەکانی پەیوەست بە پەیمانگە و بەکارهێنانی بۆ هەر مەبەستێکی دیکە.

**ماددەی ( ٨ ):**

دەکرێت دوو سزای بەرزەفتکردنی یان زیاتر کە لەم رێنمایەدا هاتوون بەسەر قوتابی بسەپێنرێت .

**ماددەی ( ٩ ):**

**یەکەم:** سەپاندنی ئەو سزایانەی کە لەم رێنمایەدا هاتوون رێگر نابێت لەوەی کە سزای دیکەی بە پێی یاسای سزادان یان هەر یاسایەکی دیکەی سزای ئاڕاستەی بکرێت .

**دووەم:** ئەگەر داوایەکی سزایی لە دژی قوتابی بەرزبکرێتەوە بە هۆی کاریگەری لە دەرەوەی پەیمانگە خرابێتە پاڵی، ئەوکاتە رێکاری بەرزەفتکردنی دوادەخرێت هەتاکو یەکلاییکردنەوەی داوا سزاییەکە.

**ماددەی ( ١٠ ):**

**یەکەم:** ئەنجومەنی پەیمانگە لیژنەیەکی بەرزەفتکردنی قوتابی پێکدەهێنێت بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆکی ئەنجومەن و بەڕێوەبەری گشتی پەیمانگە و یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەن لە پەیمانگە بۆ تاووتوێکردنی سەرپێچیەکانی بەرزەفتەکاری کە قوتابیان ئەنجامی دەدەن ، ئەنجومەن بۆی هەیە چاوپێخشاندنەوە لە پێکهێنانی ئەم لیژنەیە بکات هەرکاتێك پێویست بکات .

**دووەم:** لیژنەی بەرزەفتکاری بە شێوەیەکی نووسراو لێکۆڵینەوە لەوسەرپێچیانە دەکات کە لە هەر دوو بەندی شەشەم وحەفتەمی ئەم رێنماییەدا هاتوون و بۆی هەیە سەرپێچکار و شاهید داوا بکات هەرکاتێك ئەوەی پێویست بوو ئامادەبن لە بەردەمی بەپێی پێویست،و بۆ لیژنە هەیە هەموو هۆکارێکی رەوای بەردەست بە مەبەستی زانینی راستیەکان،پێشنیازەکانی پێشکەش دەکات و بەرزیان دەکاتەوە بۆ ئەنجومەن.

**سێیەم:** ئەنجومەن بڕیاری ئاراستەکردنی سزای گونجاو دەردەکات بە پێی ڕاسپاردەی لیژنەی ئاماژەپێکراو لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە.

**چوارەم:** دەکرێت تانە لە بڕیارەکانی ئەنجومەن بدرێت بە پێی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شورای بەرکار.

**پێنجەم:** پێشنیازەکانی لیژنەکە بۆ ئەنجومەن مولزەم نین .

**ماددەی ( ١١ ):**

لەسەر سەرپێچیکارە قەرەبووی پەیمانگە بکاتەوە لەو زیانانەی بە هۆی سەرپێچییەکەیەوە بە کەل وپەلەکانی پەیمانگەوە کەوتبێت .

**ماددەی ( ١٢ ):**

بڕیاری سزادان لە تابلۆی ئاگادارییەکانی پەیمانگە هەڵدەواسرێت بۆ ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە هەفتەیەك ، قوتابی سزادراو بانگ دەکرێت هۆکاری سزادانەکەی پێ ڕادەگەیێنرێت .

**ماددەی ( ١٣ ):**

ئەم ڕێنماییە لە مێژووی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت .

**دادوەر**

**صـبـاح عـمـر علـی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی پەیمانگەی دادوەری هەرێمی کوردستان**